کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:43 20-7-2007

هەولێر پایزی - 1988

## داستانی کۆچ و خەون ... سەعدوڵلا پەرۆش

لە پایزدا...
باخ سپێدان فیستانێکی زەردی تەنك لەبەر ئەکاو
ئێوارانیش...
بۆ دانس لە ئامێزی والآی شنەبادا،
قردێلەی خەم ئەدا لە تەسریحەی قژی.
ئەلێ ی ئاسمان لەم وەرزەدا،
دلێ کزری بەشێ ی هەناسەی بریندی خاك تەڕ ئەکاو
هەرچی گرێ ی ناخی هەیە لە بارانا دای ئەڕێژێ!
کەی بێ بەفر چاوی برسی ئەو دارستانە داپۆشێ،
کە پایزان لە پایتەختی ڕەشەبا دا بۆ فیز تاجی گەڵاڕێزان لەسەر ئەکاو
بەهارانیش وەك ماسی رۆحێکی تینوو،
دەم ئەنێتە خوێنی دەیان جۆگەی تژی.
هاکا شیعر...
مۆمی مەرگی داگیرسان و
سەری ون بوون و مشەختی خۆی نایەوە
هاکا عیشق...
پەنای بردە بەر تۆران و
کۆچ و باری بەرەو هەواری ئەو دونیا پێچایەوە
* * *
گوایە سروشت بەرێ ی تاوان گوزەر ناکاو
شیعر ئاسا ڕۆژگار بەسەر ئەبا و ئەژی
کەچی ها ئەوەتا درەخت
سروشت هەر خۆی، جارێك لەئادارا چرۆی ژیانەوەی پێ دەرئەکاو
جارێکی دی لە خەزانا پیلان ئەنێتەوە دژی
* * *
بۆیە شاعیر لە پایزدا...
لەلایێ بۆ نسکۆی باخ و لەلایێ بۆ لەبارچوونی دووا شیعری
لە ناخرا هەڵئەچێ و ئەگری.
بلا بگری...
بلا ناخی سپی شیعریش لە تاوان پرپێ دەفری.
* * *
لە کۆنەوە شاعیر و خوا
بەتاسەی لێکتر ڕامانی شێتانەی ئادەم و حەوا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەودیو مینای تەم لی نیشتوی پەنجەرەی چاوی خەواڵوی پایزەوە
بەفیتی چەند نیگایێکی سەرسام بەدەست وەنەوزەوە
بەتینۆێنی ئادەمیزادێکی سۆزانی و چێژێکی سادیانەوە
لە دیمەنی لەش و لاری ڕوتی سروشت ڕائەمێنن
بۆیە شیعر و ڕۆح لە ڕودا ڕەنگی فەلسەفەی ئەزەل و
لە ژێرەوەیش بێ پەروا تۆوی گومان و خەم ئەچێنن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.